HORTEN
KOMMUNE

**Tjenesteområde barnehage**

**KURDISK-SORANI**

**شارەوانی هۆرتن**
بەشی خزنەتگوزاری باخچەی منداڵان
**زانیاری لەسەر باخچەیمنداڵانی هۆرتن**

**ناوەڕۆکی باخچەی منداڵانەکە:**

باخچەی منداڵانەکە دیدێکی فێرخوازانەی گشتگیری کردووە بە دەسپێکی کارکردنی، کە تێیدا سەرپەرشتیکردن و پەروەردە و یاری و فێربوون پێکەوە بە ووردی پەیوەستن. لەوێدا بناغەی فێربوون لە هەموو بووارەکانی ژیاندا ڕۆدەنرێت. فێربوون پێش هەموو شتێک لە ڕێگەی یاری و پێکەوە یاریکردن لەگەڵ منداڵانی تر و گەورەسالانی تردا سەرهەڵدەدات. لەڕێگەی سەرپەریشتیکردنێکی باشەوە، کە یارمەتی منداڵ دەدات هاوکار بێت و شتەکان تاقیبکاتەوە، منداڵان هەست بە ئاسوودەیی و سەربەخۆی و هەست بەخۆکردنێکی باش لە ناوەوەیاندا گەشە دەکات. لە مامەڵەکردندا لەگەڵ ئەوانی دی توانا کۆمەڵایەتییەکانی منداڵ پەرەدەسێنێت. فێری تێگەیشتن لە هەستەکانی خۆیان و ئەوانی دی و چارەسەرکردنی ململانێکان و ڕێزگرتن و لێبووردن لە یەکتری دەبن. لەم کارەشدا لەگەڵ ئاخافتن و زمان کارامەیی یەکلاکەرەوەیە.



ئێمە جەخت لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندیە باشەکان لە پێکەوەبوونی هاوبەشدا دەکەینەوە. ئەو کارەش بنەمای ئاسوودەیی و، گونجان و هاوڕێیەتی پێکدەهێنێت. لە ڕێگەی یاریکردن و توێژینەوە و بەیەک سەرسام بوونەوە، منداڵ بە خۆی و ئەوانی دی و دنیایی دەورووبەری ئاشنا دەبێت. منداڵ خۆی هاوکاری فێربوونی خۆی دەبێت. خاڵی دەستپێکی بابەت و پرۆژەکانمان لە سود و بەرژەوەندی منداڵاندایە.

یاسای باخچەکانی منداڵان و بەرنامە سنوردارکراوەکانی
باخچەکانی منداڵان بڕیار لە ناوەڕۆک و دیاریکردنی ئەرکەکانی باخچەی منداڵان دەدەن باخچەی منداڵانەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان مێتودی کارکردنی جیاواز هەڵدەبژێرن. زانیاری زیاترتان لە کارمەندانی باخچەیمنداڵانکەوە دەست دەکەوێت لەڕێگەی بەرنامەی ساڵانە و، فەترەو / . بەرنامەی مانگانە و، کۆبوونەوەکانی دایک و باوکان و وتووێژەکان لەگەل دایک و باوکاندا.

**بەرنامەکان، یاسا و دەستوورەکان**

**یاسای باخچەیمنداڵان و ڕێنمایە دەستوورییەکان لەبارەی بەرنامە سنوردارکراوەکانی باخچەکانی منداڵانەوە**
پەرلەمان لە یاسای دەربار بە باخچەکانی منداڵان (یاسای باخچەی منداڵان) بڕیاری گشتی لەسەر چۆنێتی ناوەڕۆک و ئەرکەکانی باخچەیمنداڵانی چەسپاند. دەستووری پەیوەند بە بەرنامەی سنوردارکرا و بۆ ناوەڕۆک و ئەرکەکانی باخچەکانی منداڵان ( بەرنامەی سنوردار) بڕیارگەلێکی تەواوکەرانە لەسەر ناوەڕۆک و ئەرکەکان لە باخچەکانی منداڵاندا جێگیر دەکات
.

**یاسای باخچەیمنداڵان § ١**
« باخچەی منداڵان بە هاوکاری و تێگەیشتن لەگەڵ خێزاندا پارێزگاریدەکات لە جێبەجێکردنی پێویستییەکانی منداڵان بۆ ئاگاداریکردنیان و یاریکردن و، پێشخستنی فێربوون و پێگەیاندن وەک بنەمایەک بۆ نەشونماکردنێکی هەمەلایانە. (...)
باخچەی منداڵان دەبێ مامەڵەی منداڵان بە متمانە و ڕێزەوە بکات و، دان بە بەها جەوهەرییەکانی فەترەی منداڵیدا بنێت. دەبێ هاوکاری خۆش و شادی بکات لە یاری و فێربووندا و، بۆ پێکەوەیی و هاوڕێیەتی جێگەیەکی بەرۆکگرانە و

ئاسودە بێت. باخچەی منداڵان پێویستە دەستپێشخەری لە دیموکراتی و یەکسانیدا بکات و کار لەدژی هەموو فۆرم و شکڵەکانی فەرق و جوداوازی لە مامەڵەکردندا بکات.» (حکومەت، ٢٠١٨)

**بەرنامەی سنوردار بۆ باخچەکانی منداڵان**

بەرنامە سنوردارکراوەکانی باخچەکانی منداڵان جەخت لەسەر بەهای تایبەتێتی فەترەی منداڵی دەکات. نمایندەی کۆمەڵایەتی باخچەیمنداڵان دەڵێت، باخچەکانی مندالان پێکەوە لەگەڵ خێزان دەخوازن پارێزگاری لە پێداویستییەکانی منداڵان بە یاریکردن و ئاگاداریکردن و، یارمەتی پێگەیاندن و فێرکردنیان بکەن. منداڵان هەموو بە گوێرەی ئەوەی خۆیان پێویستیانە مامەڵەدەکرێن. دیموکراتی و، ڕێزی بەرابەری و، جۆراوجۆری و، یەکسانی و، پەرەسەندنی بەردەوام و پتەو و، شارەزای و کارامەیی ژیان و تەندروستی دەبێ لە پێشەوەی کارەکانی هەموو باخچەکانی منداڵان بێت

**بەرنامەی ساڵانە**

هەموو ساڵێک باخچەی منداڵانەکان بەرنامەیەکی ساڵانە لەسەر بنەمای بەرنامای سنوردار و ڕێنماییە شارەوانییەکان ئامادە دەکەن. ئەو بەرنامەی سالانیەش کەرەسەیەکە بۆ کارمەندان و زانیاریش دەدات بە دایک و باوکان.

**بڕیارنامەکان**

هەموو باخچەی منداڵانێک بڕیارنامەکانیان هەیە، کە گرێبەستێکە لە نێوان باخچەی منداڵان و دایک و باوکدا. باخچەی منداڵانە ئەهلیەکان دەستوور و بڕیارنامەی تایبەت بە خۆیان هەیە.

**زانیاری عەمەلی:**
**کاتەکانی کارکردنی باخچەکانیمنداڵانی سەر بە شارەوانیەکان:**

**هەموورۆژێک 16:30 – 06:45**
**باخچەیمنداڵانە شارەوانییەکان لەم ڕۆژانەدا داخراوان:**

شەمە/ یەکشەمە
لە هەفتەکانی ٢٨، ٢٩، ٣٠
شەوی کرسمس و دوو ڕۆژیش لە جەژنی لەدایکبوونی عیسای مەسیح
کاتژمێر ١٢ ئەو ڕۆژەی کە بۆ شەوەکەی سەریساڵی تازەیە دادەخرێت
ڕۆژی دوو شەمە بە ڕۆژی پێنج شەمەی جەژنی هەستانەوەی مەسیحیشەوە داخراوە
باخچەمنداڵان لە ساڵێکدا ٥ ڕۆژ لەبەر بەرنامەدارشتن داخراوە

باخچەیمنداڵانەکان هەموو « ڕۆژە سوورەکان »/ پشووە ڕەسمییەکان داخراون.

باخچەیمنداڵانە ئەهلییەکان دەتوانن بڕیاری تریان لە دەستوورەکانی خۆیاندا هەبێت

هەرچ باخچەیەکی مندالان (تەرزێک) ڕیتمێکی ڕۆژانەی خۆی هەیە بۆ خولقاندنی پێشبینیکردنی ڕۆژانی منداڵان. ئەوەش لە باخچەیەکی منداڵانەوە بۆ باخچەیەکی منداڵان تر جیاوازە. تۆ زانیاریت لەبارەی ڕیتمی ڕۆژانەی باخچەیمنداڵانەکەی خۆتەوە لە دەستپێکردندا پێدەدرێت.

لەکاتی منداڵ هێنان دەرەنگتر لە کاتژمێر09:30 یان بردنەوەی پێش کاتژمێر 14 هەواڵ گێرانەوە و ئاگادارکردنەوە گرنگە لەبەر چوون دەرەوە لە باخچەی مندالانەکە بۆ گەشت. هەمیشە لەکاتی هێنان و بردنەوەی منداڵەکەتدا یەکێک لە کار. مەندەکان ئاگاداربکەرەوە، بۆئەوەی ئێمەش هەمیشە گەڵاڵەیەکەمان لەبەردەست بێت کە کێ لەوێیە. ئەگەر کەسێکی دی بێت بۆ بردنەوەی منداڵەکەت، پێویستە ئێمە لەوبارەیەوە ئاگادار بکرێینەوە.

## تازە چوونە باخچەی منداڵان

توێژینەوە لەبارەی وابەستە بوونی منداڵانی بچووک بە منداڵان و کەسانی گەورەساڵی ترەوە دەریدەخات کە کاری پێکەوەیی یان هاوکاری لە نێوان دایک و باوکان و کارمەندانی باخچەی منداڵان لە سەرەتادا گرنگە. پێش دەستپێکردن بانگهێشتان دەکەین بۆ سەردانێک. فەترەی سەرەتا پێویستە دایکان و باوکان لەگەڵ منداڵەکانیاندا بن. پێکەوە پلانێکی تایبەتی بۆ منداڵەکانتان لە ڕۆژەکانی سەرەتادا دادەڕێژین. پێویستە ئێوە بەلایەنی کەمەوە سێ ڕۆژ دانێن بۆ ڕاهاتنی منداڵەکانتان بە باخچەیمنداڵانەکە.

## کارمەندان

هەموو بەخچەیمنداڵانەکان بەڕیوەبەرێک و، یەکێک یان چەند یاریدەدەری بەڕیوەبەرێک و، مامۆستایانی باخچەی منداڵان و، کارمەندانی پیشەیی و یاریدەدەرانی هەیە.
کارمەندەکان لەسەر سیستەمێکی ئێشکگرتن کاردەکەن کە چری کارمەندان زیاتر لە ناوەندی ڕۆژدایە کە زۆربەی منداڵان ئامادەن.

## نەخۆشی


منداڵی نەخۆش نابێت بێت بۆ باخچەیمنداڵان. ئاگادارمان بکەنەوە کاتێک منداڵەکەت نەخۆش دەکەوێت. ئەگەر منداڵەکەش لە باخچەی منداڵان نەخۆشکەوت ئێمە پەیوەندیتان پێوە دەکەین.
بۆ منداڵانی نەخۆش ئێمە پەیڕەوی ڕێنماییە ئامادەکراوەکانی یەیمانگای تەندروستی گشتی دەکەین (www.fhi.no).
بەشێوەیەکی ئاسایی کارمەندەکان بۆیان نییە لە باخچەیمنداڵاندا دەرمان بە منداڵان بدەن.

## پۆشاک & کەلوپەل

گرنگە منداڵان هەموو کاتێک پۆشاکی گونجاوی وەرزەکانی ساڵیان هەبێت. ئێمە هەموو ڕۆژێک لەدەرەوەیەن، تەواوی ساڵەکە، کەش و هەوا هەرچۆنێک بێت. ئەگەر پیویستیتان بە زانیاری هەیە دەربارەی ئەوەی کە منداڵەکەتان چ جۆرە پۆشاکێکیان پێویستە لە کارمەندانی باخچەیمنداڵانەکە پرسیاربکەن. هەموو پۆشاک و کەلوپەلەکان پێویستە بە نووسینی ناوی منداڵەکە لەسەریان نیشانە بکرێن.

**بڕوانە ڕینماییەکانی بەرگپۆشینی دروست لە سەرمادا**
http://morsmal.no/no/foreldre-norsk/2382-kle-barna-riktig-i-vinterkulda

گەلێ پۆشاک و کەلوپەلی جوان و جوان بەکارهێنراو دەبیینەوە لەگەڵ جۆری جیاواز و ماڵپەڕی ئاڵوگۆڕکردن لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیزبووک. www.finn.no.




## ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوون

هەموو باخچەکانی منداڵان یادی ڕۆژی لەدایکبوونی منداڵەکان دەکەنەوە، لە نێو ئەوشتانەدا کە بەو بۆنەیەوە دەیکەن گۆرانی و، تاج لەسەرنان و، ئاڵا و مێزەڵان هەڵواسین. پەیوەندی بە باخچەیمنداڵانەکەوە بکە، ئەگەر دەخوازیت چەندها ووردەکاری لە بارەی ئاهەنگ گێڕانی یادی ڕۆژی لە دایکبوونەوە بزانیت. باخچەکانی منداڵان لەو بۆنەیەدا کێک پێشکەش ناکەن.



**پەرەپێدانی شوناسی کولتوری و ئاهەنگێڕان بەبۆنەی جەژنەکانەوە**
باخچەی منداڵان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە وەک مەیدانێک بۆ پەرەپێدانی شوناسی کولتوری. لە باخچەکانی منداڵاندا گەلێ منداڵ هەن بە باگراوندی کولتور و، ئاینزا و باوەڕی جیاوازەوە. گرنگە کە هەموو منداڵێک هەست بکات کە وەک ئەوانی دی ئەویش لەگەڵدایە و پێکەوەن و شوناسیان لە باخچەیمندالانەکەدا جەختی لەسەربکرێتەوە. هەمانکات باخچەی منداڵان دەبێ یارمەتی پەرەسەندنی لێبووردەیی و ڕێز لە یەکتریگرتنیش بدات . مێتۆدێکی گرنگ لەم کارەدا جەختکردنەوە لەسەر جەژنەکان و داب و نەریتەکانە کە پەیوەستە بە کولتورە جیاوازەکانەوە و لە نێو گروپی منداڵەکاندا نوێنەرە.

لەلایان باخچەیمنداڵانی کارلیوهانی بەرگریکەرەوە ئامادەکراوە:
https://www.horten.kommune.no/_f/p1/iabe63f98-3795-4b6d-a6b6-253c16f0a965/hoeytidshefte_norsk_ferdig.pdf



**ژەمەخۆراکەکان**
دایکەکان و باوکەکان خەرجی خواردن دەدەن . باخچەیمنداڵان ڕەچاوی حەساسیەتی منداڵ بە خۆراک و پێداویستی هەرتاکێک بە خۆراکی تایبەت دەکات. لەبەرئەوە گرنگە ئێوە لە دەستپێکەوە باخچەیمنداڵانەکە لەوە ئاگادار بکەنەوە. باخچەیمنداڵانکە هەموو ڕۆژێک نانی نیوەڕوان بەمنداڵەکان دەدات. منداڵ دەتوانێ نانی بەیانیان و ژەمی دوای نیوەڕوانیش بخوات. هەموو باخچەیمنداڵەکان تەرکیزیان لەسەر خۆراکێکی سودبەخشە بۆ تەندروستی و، هەموو ڕۆژێک میوە و سەوزە بۆ منداڵان دادەنێن.

**ئەرکی ڕازڕاگرتن**
هەموو کارمەندەکانی باخچەیمنداڵان ئەرکی ڕازڕاگرتنیان لەسەر شانە. ئەوەش ئەوە زامن دەکات زانیاریگەلێک کە پەیوەندی بە دایک و باوکان و منداڵەوە هەیە بەهیچ شێوەیەک ناکەوێتە بەردەستی کەسانی بێگانە / ناپەیوەندیدار.

**بروانامە / گەواهینامەی پۆلیس**

هەموو ئەوانەی کە لە باخچەیمنداڵاندا دادەمەزرێن دەبێت گەواهینامەیەک لە پۆلیسەوە بێنن بۆ قایلبوونی خاوەن ئیش پێش دەستبەکار بوون. بەئێزافەی ئەوەش بەڕێوەبەرەکان هەڵسەنگاندن دەکەن بۆ ئەوانەی کە بە شێوەیەکی مونەزەم لە باخچەیمنداڵانەکە دەمێننەوە، تا بزانن ئایا پێویستە ئەوانەیش گەواهینامەیەکی لەو شێوەیە بنێرن یان نا.

**کەمکردنەوەی پارەدان (دەفعکردن) بۆ دایک و باوک**

ئێوە دەتوانن داوای سنوردارکردن یان بەخشین لەو مەبلەغەی کە دایکو باوک دەیدەن بە هەق چوونی منداڵەکەیان بۆ باخچەی منداڵان بکەن، کاتێک تەکلیفی چوونە باخچەیمنداڵانەکە لە ٦% تێکڕای داهاتی خەرجی ڕۆژانەی کاروباری ناومال تێدەپەڕێنێت. دەکرێت داوای کەمکردنەوە یان بەخشین لەو بڕە پارەیە بەکەن بۆ ٢٠ سەعات لە هەفتەیەکدا بۆ منداڵانی تەمەن دوو، سێ، چوار و پێنج ساڵان. کەمکردنەوەی ئەو بڕە پارەیە بە پێی تێکڕای داهاتی خەرجی ڕۆژانەی .کاروباری ناو ماڵ حیسابدەکرێت. داواکارییەکان دەنێردرێت بۆ سەرۆکی باخچەیمنداڵانەکە

. https://www.horten.kommune.no/_f/p1/i2051ea25-1602-4558-9644-f7f678a94daf/soknadsskjema-betalingsmoderasjoner-i-barnehagen-2019.pdf

**گۆڕینی ناونیشا (ئەدرێس)/ ژمارە تەلەفۆن/مەیل**

پێویستە گۆڕانکاریەکان لە ناونیشان و، ژمارەتەلەفۆن و پۆستی ئەلکترۆنیت، بخرێتە ئەم مەیل ئەدرێسەوە، Horten kommune.no / Din side (https://horteng2.ist-asp.com/NO00701-pub/login.htm) , کە تۆ بە ID یان ID Bank داخلی دەبیت. باخچەیمنداڵانەکەش لەوە ئاگاداربکەرەوە، بۆئەوەی ئێمە هەمیشە تازەترین زانیاریمان لەسەر کەسی پەیوەندیدار هەبێت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر لە ماوەی دەوامدا ویستمان پەیوەندیتان لەگەڵدا بکەین.

**مۆڵەت / ڕێگەپێدان، ڕازیبوون / قایلبوون و خۆپارێزی**

باخچەیمنداڵان پێویستی بە مۆڵەتپێدانی دایکوباوکان و ڕازامەندیان هەیە بۆنموونە لەکاتی بەکارهێنانی هۆیەکانی گواستنەوەی ئەهلی و گشتیدا بۆ سەفەرکردن، بۆ وێنەگرتن و ڤیدۆ گرتنی منداڵەکە، زیاتر لەوەی باسکرا . سەرەتای دەستپێکردن فۆرمێکی تایبەتیتان پێدەدرێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە.

**نووستن:**

زووربەی زۆری ئەو منداڵانەی کە دەیانەوێت لە باخچەیمنداڵانەکە بنوون، لەدەرەوە لە نێو عەرەبانەی منداڵاندا دەنوون. پاش ڕێکەوتن دەتوانرێت بەجۆرێکی ئەوها پلاندانرێت کە منداڵ لە ژوورەوە بنووێت. کارمەندەکان لەبارەی ئەو کەلوپەلانەی ئێوە پێویستان دەبێت بۆ نووستنی منداڵاکە لە دەرەوە بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ چوار وەرزەکەدا زانیاریتان دەدەنێ.

ئەو منداڵانەی لەدەرەوە دەخەون دەبێت عەرەبانە، لێفە/کیسەی عەرەبانە/ پەتوو، پۆشاکی پیوە نووستن، تۆڕی لە مێشوولە پاراستن و مشەمای باران. ڕێنماییکردنێک بۆ دایکان و باوکان و کارمەندەکان لەبارەی « پشوودان و، ئارامی و نووستن» ەوە لە باخچەیمنداڵانی هۆرتن ئامادەکراوە.



## هاوکاری دایکان و باوکان

باخچەکانی مندالان دەخوازن هاوکارییەکی چڕوپڕیان لەگەڵ دایکان و باوکاندا هەبێت. چەندەها خاڵی پێکگەیشتن لە پیناو دیالۆگکردندا هەیە کە دایکان و باوکان دەتوانن بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر ڕۆژەکانی منداڵ لە باخچەی منداڵانەکەدا بەشدار بن، کارمەندان و دایکان و باوکان بەرپرسیارییەتێکی هاوبەشیان هەیە بۆ کۆنترۆلکردنی هەموو شتەکان پێکەوە. دایکان و باوکان ئەزموونی پشتگیریلێکردن و لە تواناداهەبوونی کاریگەری لە پەیوەندیاندا بە منداڵەکانی خۆیانەوە هەیە.

پەیوەندی ڕۆژانە:

.

لە هێنان و بردنەوەی منداڵدا ئالوگۆڕکردنی زانیاری لە نێوان دایکان و باوکان و کارمەندەکاندا ڕوودەدات. هەندێ زانیاریش لە ڕێگەی دیگیتاڵەوە دەگەیەنرێت.

**وتووێژ لەگەڵ دایکان و باوکان:**
دایکان و باوکان لە ساڵێکدا پێشنیاری ٢ وتووێژ لەگەڵکردنیان بۆ دەکرێت، دتوانرێت ڕێکەوتن لەسەر چەندەها وتووێژی تر لە کاتی پێویستدا بکرێت. لێپرسراوی پەروەردەیی لەگەڵ دایکان و باوکاندا پێکەوە دەتوانن بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کە ئایا پێویست دەکات بەڕیوەبەر یان خەڵکی دی لە و وتووێژانەدا هەبن یان نا. ئەو کەسانەش بۆ نموونە ڕەنگە سستەر/ پەرستاری تەندروستی یا، منداڵپارێز یا خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەی دەروونی پێ پێ تێ بنPPT .

**بەکارهێنانی وەرگێڕ:**
لەهاوکاریکردن بەدەوری بەرژەوەندی منداڵەوە زەرووریيە کە دایکان و باوکان و کارمەندان بەباشی گفتوگۆ بکەن و لەیەکتری حاڵی ببن. لێپرسراوی پەروەردەیی بەهاوکاری لەگەڵ سەرپەرشتیاری خاوەن دەسەڵاتدا ئەوە یەکلادەکەنەوە ئایا لە کۆبوونەوە و وتووێژەکاندا وەرگێڕ/موتەرجیم پێویستە یان نا.

**کۆبوونەوەی دایکان و باوکان:**
دایک و باوکان لە ساڵێکدا پانگهێشتی کۆبوونەوەیەک یان چەند کۆبوونەوەیەکی ئێواران دەکرێن.

**دەستەی ئامۆژگاری دایکان و باوکان:**
دەستەی ئامۆژگاری دایکان و باوکان لە هەموو دایکان و باوکانی منداڵانی باخچەیمنداڵانەکە پێکهاتووە و، دەبێت جەخت لەسەر بەرژەوەندی هاوبەشی دایکان و باوکان بکەنەوە و یارمەتی دەری ئەو بیرۆکەیە بن کە هاوکاری نێوان دایکان و باوکان و کارمەندەکان ژینگەیەکی باش لە باخچەیمنداڵانەکەدا دەخولقێنێت. لیژنەی دایکان و باوکان نمایندەگەلیک بۆ لیژنەی ڕاوێژکردن و هەماهەنگی ( SU) و کۆمیتەی کارکردنی دایکان و باوکان (FAU) هەڵدەبژێرێت

**لیژنەی ڕاوێژکردن وهاماهەنگی (SU):**
لیژنەی ڕاوێژکاری و هەماهەنگی پێکهاتووە لە نمایندەی دایکان و باوکان و کارمەندان بە شێوەیەکی هاوتا. بەڕیوەبەرایەتی هەڵدەسێت بە بانگکردن (بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکاندا) و نووسینی کۆنووسی کۆبوونەوەکە. ئەو لیژنە هەلبژێرداوە چارەسەری ئەو دوسێیانە دەکات کە بۆ ناوەڕۆکی باخچەیمنداڵانەکە و هاوکاریکردن لەگەڵ دایکان و باوکاندا گرنگن. SU بەرنامەی ساڵ بۆ چالاکییە پەروەردەییەکان جێگیردەکات.

**کۆمیتەی کاری دایکان و باوکان (FAU):**
FAU کۆمیتەی کار لایەنیکەم پێکدێت لە دایک و باوکێک لە هەر بەشێک. ئەوان هاریکاری پێکەوەکارکردنی نێوان باخچەیمنداڵانەکە و گروپی دایکان و باوکان دەکان. (ئێف ئا ئوو) دەتوانێ لە ماوەی ئەو ساڵەدا گردبوونەوەی کۆمەڵایەتیانە بۆ منداڵانو، دایکان و باوکان و، کارمەندان ڕێکبخات.



**پشکنینی دایکان و باوکان**
شارەوانی هۆرتن پشکنینی (Udir.no)ی بەڕیوەبەرایەتی پەروەردە و فێرکردن بۆ دایکان و باوکان بەکار دەهێنێت، کە هەموو ساڵێک دیگیتاڵت ڕەوانەدەکرێت. ئەو پشکنینە بۆ سەر چەند زمانێک وەرگێردراوە.

**کارییێکەوەیی لەگەڵ دامەزراوەکانی تردا**
ئەگەر ئێوە نیگەرانی منداڵەکەتان بوون، دەتوانن پرسیاری وتویژکردنێک لەگەڵ سەرۆکی پەروەردەیی یان بەڕیوەبەر بکەن. باخچەکانی منداڵان لەگەڵ چەندەها دامەزراوەی پیشەیی هاوکاریدەکەن، بۆنموونە لەگەڵ، خزمەتگوزاریی پەروەردەی دەروونی (PPT)، ئێستگەیتەندروستی، مناڵپارێز، خانەی خێزان/خانەوادە و قوتابخانە. کارییێکەویی لەسەر یەک منداڵ هەمیشە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دایک و باوک بەڕیوەدەچێت.

**هاوکاریکردن لەگەڵ ئەو قوتابخانەیەی منداڵەکە بۆی دەچێت**
شارەوانی هۆرتن ڕۆتینیاتێکی بۆ گواستنەوە لە باخچەیمنداڵانەکەوە بۆ قوتابخانە ئامادەکردووە. لە دوا وتووێژی دایکان و باوکاندا لە باخچەیمنداڵانەکە سەرۆکی پەروەردەیی و دایک و باوکەکان فۆرمێکی گواستنەوە بۆ قوتابخانەکە پڕدەکەنەوە. ئەگەر پێویستیکرد، بەڕێوەبەر بانگهێشتان دەکات بۆ کۆبوونەوەیەک لەسەر گواستنەوەکە بە هاوکاری لەگەڵ دایک و باوکان و قوتابخانەکە.

**لینکگەلێک بۆ دایکاوباوکانی سەر بە زمانە کەمینەکان کە منداڵیان لە باخچەی منداڵانی هۆرتن ە.**

- نامیلکە / سیپارە/ مەلزەمەی تواناپی هاوکاریکردنی خێزان ـ باخچەیمنداڵان:
- https://www.horten.kommune.no/_f/p1/iabe63f98-3795-4b6d-a6b6-253c16f0a965/hoeytidshefte_norsk_ferdig.pdf

- نامیلکەی شارەوانی هۆرتن منداڵ کە چەند زمانێکی هەیە: «چۆن منداڵانی کەمینە زمان لە باخچەیمنداڵاندا فێری زمانی نەرویجی دەبن».

https://www.horten.kommune.no/_f/p1/i60420d03-3f0a-4a58-92a8-db06bcf3bf9a/ressursheftet_barn_med_flere_sptaak.pdf

- کتێبخانە بۆ چەندزمانێکی دی: https://dfb.nb.no/
- فیلم لەسەر باخچەیمنداڵانی هۆرتن: https://www.youtube.com/watch?v=B5efpFOOikg
- http://morsmal.no/no/